# ئایا ڕاگەیاندنەکان تەنیا لەبۆنەکاندا گرنگی بەئافرەتان دەدەن؟

گوڵان — کۆمەڵایەتی

**زۆرجار باسی ئەوەی دەکرێت کە ئافرەتانی کورد چ لەڕابردوو، چ لە ئێستادا لەهەموو کایەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەگەڵ لەئەوەشدا گلەیی لەوەدەکرێت کە زۆربەی دامودەزگەکانی ڕاگەیاندن تەنیا لەبۆنەکاندا گرنگی بەئافرەتان دەدەن، زۆرجاریش «بە ئەنقەست» روخساریان ناشیرین دەکەن. بەڕێوەبەری رۆژنامەکانیش رای تایبەت بە خۆیان هەیە.**



لەڕۆژی چوونی لەشکرێکی تایبەتی پێشـــمەرگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئۆپەراسیۆنی دیجلەو بەرپەرچدانەوەی پیلان و هەڕەشەکانی بەغدا لەسەر ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، ژن و منداڵ و پیاوانی شاری هەولێر لەسەر شەقامەکان ئامادەبوون و پێشوازییەکی گەرمیان لە پێشمەرگەدەکرد، هاوکات بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ لەناو شاری هەولێرو لەسەردەستی ئەنجومەنی بـــاڵای خانمان، (کۆنفرانســـی هەڵمەتی نیشـــتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـــژی دژی ئافرەتان لەهەرێمی کوردســـتان) ڕێکخرا. هەمان ڕۆژ پەیامنێـــری (گوڵان) کامێـــراو ڕێکۆردەرەکەی خســـتەناو جانتاکەی و لەهۆڵی کونفرانسەکەو لەسەر شەقامیش رای ئافرەتانی لەمەڕ ئەم پرسیارە وەردەگـــرت: ئایا ڕاگەیاندنـــەکان تەنیا لەبۆنەکانـــدا گرنگی بەئافرەتان دەدەن؟

## پێویستەبەڕێوەبەرانی دەزگەکانی راگەیاندن بڕوایان بە یەکسانیی ئافرەت و پیاو هەبێت

ئـــالان مەحموود وەك کۆمەڵناســـێك لەوبارەیـــەوە رای خۆی هەیە، ئەو لەپشوویەکی کۆنفرانسی هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی داوە: «ناکرێ بڵێین بەگشـــتی دامودەزگەکانی ڕاگەیانـــدن تەنیا لە بۆنەکان ئافرەت بەســـەر دەکەنەوە، چونکە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤار و تیڤییەکان کـــەم و زۆر باســـی مافەکانی ئافرەتان دەکەن، بـــەڵام بێگومان زیاتر لە بۆنەکان گرنگی بە ئافرەت دەدەن، ئەوەی زۆر جێی نیگەرانیشـــە ئەوەیە کە زۆربەیان زۆرجار بەئەنقەســـت، یان لە نەزانییەوە رووخساری ئافرەتی کورد ناشیرین دەکەن». بۆ نموونە، کاتێك لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا باسی خیانەت دەکەن، یەکســـەر وێنەی ئافرەتێك بەگەورەیی لەتەنیشت راپۆرت، یان نووســـینەکەیان دادەنێن، وەك بڵێن تەنیا ئافـــرەت خیانەت دەکات، کە لەڕاستیدا وانییەو بەشێك لە ڕۆژنامەکان نازانن چەمکی خیانەت هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە». ئالان گوتیشـــی «ڕاگەیانـــدکار و بەڕێوەبەرانی دامودەزگەکانی راگەیاندن پێویســـتە بڕوایان بەیەکسانیی ئافرەت و پیاو لەمافی ئینســـانیدا هەبێت، واتە بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی و وەك مرۆڤ سەیریان بکەن».

بەڵام وەزیرە تالیب کە ئافرەتێکی تەمەن ٤٢ ســـاڵەیە و لە ســـەر جادەی کەرکووك لە هەولێر، پێشمەرگەکانی نوقڵباران دەکرد، بە تووڕەییەوە گوتی «ئاخر ئێستا کاتی ئەو پرسیارەیە، ئەوەتا شەڕ دەرگای پێگرتووین، بڕۆن پرسیار بکەن لە دایك و باوکان بزانن نەوەکانیان منداڵیان بۆ بەرگری کردن لە خاکەکەیان ئامادە کردووە».

## لەهەرێمی کوردستان ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ و پیشەیی دەگمەنن

ژیان ســـدیق وەك چالاکوانێکی بواری ئافرەتان، کە کوردێکی دوورەوڵاتەو دانیشتووی وڵاتی نەرویجە، ســـەبارەت بە ڕاگەیاندنەکان و گرنگیدانیان بەپرســـی ئافرەت دەڵێت «گومان لەوەدا نییە کە ئاســـتی وشیاریی تاکی کـــورد لەهەموو دنیادا بەرزبۆتەوە، لە باشـــووری کوردســـتانیش بەهۆی زۆری و فراوانـــی دامودەزگەکانی ڕاگەیانـــدن، تارادەیەکی بەرچاو کار بۆ چەســـپاندنی مافەکانی ژن کراوە، بەڵام ئینکاری کەموکوڕییەکانیش ناکرێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ و پیشەیی زۆر کەمن و و بە دەگمەن لە ڕووماڵکردنی کارە مەیدانییەکانیان باڵانسی سایکۆلۆژی تاکی کۆمەڵگە یەکسانی جێندەری دەبیندرێت».

## لەگشت ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا باسی ئافرەتان دەکرێت

ئاکۆ محەمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕووداو، لەوەڵامی هەمان پرسیاردا بە گوڵانی گوت «بەپێچەوانەوە من هەرگیز وای نابینم کە ڕاگەیاندنەکان ژنیان پشـــتگوێ خستبێت و تەنیا لەبۆنە و یادەکاندا گرنگیی بەدۆسیەی ژنان بدەن، ڕاگەیاندنـــەکان لەهەموو کاتێکدا گرنگی بەئافرەتان دەدەن»، ئەوەشـــی دووپات کردەوە کە «ئەگەر بەدواداچوونێك بۆ ژمارەی ڕۆژانە، یان هەفتانـــەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بکرێت، دەبینرێت زۆربەی ژمارەی ڕۆژنامـــەو گۆڤارەکان باســـی ئافرەتـــی تێدایە جا ئەگـــەر ڕاپۆرتێکی کۆمەڵایەتی بێت، یان شـــیکردنەوەی ڕووداوێك بێت، یان بەدواداچوون بۆ کێشـــەیەك بووبێت، بەتایبەتی ئەگـــەر ڕووداوێکی دیاریکراو هەبێت، وەك کوشـــتنی ئافرەتێك، یان هەر بەدواداچوونێکی دیکە، کارو بەدواداچوونی لەســـەر کراوە» ئاکۆ محەمەد زیاتر گوتی «من وەك ڕۆژنامەنووســـێك پێموا نییە ڕاگەیاندن تەنیا لەکاتی بۆنەکاندا باسی ئافرەتان بکەن، بەڵکو لەزۆربەی کاتدا دەتوانم بڵێم لەسەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا باسی ئافرەتان دەکرێت و گرنگی پێدەدرێت، لانیکەم هەوڵدراوە بەڕاپۆرتێك، یان بە بەدوادچوونێك کار لەسەر کێشەی ئافرەتان بکرێت».

## راگەیاندنەکان تەنیا کێشەکۆمەڵایەتییەکان زەق دەکەنەوەو ناتوانن چارەسەری بۆدابنێن

بێستوون نووری سەرنووسەری گۆڤاری سڤیل، سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردســـتاندا ئەمڕۆ دەیـــان دەزگەو کەناڵی راگەیاندنی جۆراوجۆر هەن، گوتیشی «راگەیاندنێك کە تایبەتە بەپرسی ئافرەت، یان دەزگایەکی کۆمەڵایەتی جیاوازە لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی سیاسیدا، چونکە ئەوەی تایبەتە بە ئافرەتان شـــتێکی حەتمیە زیاتر ئەم دۆزە دەخاتەڕوو». جەختی لەوەش کردەوە کە راگەیاندنەکان زۆر باســـی مەســـەلەی ئافرەت دەکەن و هەمیشە کێشەکانی ئافرەتان زەق دەکەنەوە.

سەرنووســـەری گۆڤاری ســـڤیل ئەوەشـــی ڕوونکردەوە کە «دەزگاکانی راگەیاندن لە خســـتنەڕووی کێشـــەکان و زەقکردنەوەی کێشەکانی ژناندا ســـەرکەوتوون، بەڵام لەدۆزینەوەی چارەسەر سەرکەوتوو نەبوون، گوتیشی «ناکرێت بگوترێ راگەیاندن گرنگی بەپرســـی ئافرەت نادات و باســـی ناکات، چونکە زۆر باسی دەکرێت و زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن هەمیشە ئەو کێشـــەیە زەق دەکەنەوە، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت راگەیاندنەکان تەنیا کێشەکۆمەڵایەتییەکان زەق دەکەنەوەو ناتوانن چارەسەریان بۆدابنێن».

## باسکردنی پرسی ئافرەت نەریتێکی تەقلیدی وەرگرتووەو لێی بێزار بووین

هێـــرش کانەبی وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، ســـەبارەت بە هەمان پرس، رایوایە «لەئێســـتادا زیاد لەپێویســـت باس لەکێشەکانی ئافرەتان دەکرێت، ئەوەندەی باســـی کێشـــەی ئافرەت دەکرێت، چارەکی ئەوە باسی قەیرانە مەترسیدارەکانی وەك دەرمانی ئێکسپایەر و گرانیی کەلوپەلی پزیشکی و نەبوونی دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی نەکراوە». گوتیشی «باسکردنی پرســـی ئافرەت نەریتێکـــی تەقلیـــدی وەرگرتووەو هەمووومـــان ئەوەندە گوێبیســـتی ئەو بابەتـــە بووین، لێی بێزار بووین». ئـــەو توێژەرە جەخت لەوەش دەکاتـــەوە کە «دەزگاکانی راگەیاندنی حزبـــی لەبەر دوو هۆکار زیاد لەپێویســـت گرنگی بەمەسەلەی ئافرەتان دەدەن، یەکەمیان بۆ ئەوەی کە بڵێن حزبەکانی ئێمە دیموکراســـین و گرنگی بەئافرەت دەدەن، تەنانەت لەپەرلەمانیشدا هەمان شت دووبارەبۆتەوە ئەوەندە باسی مەسەلەی ئافرەت کراوە ئەوەندە باســـی هیچ شـــتێکی دیکە نەکراوە، خاڵی دووەم ئەوەیە کە زۆر لە راگەیاندنەکان میللەتیان بەباســـی مەسەلەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتەوە ســـەرقاڵ کردووە». هێرش زیاتر گوتـــی «بە بڕوای من زۆر باســـکردنی پرس و مافەکانی ئافرەتان لەلایەن راگەیاندنەکانەوە کێشەی زۆری دروســـتکردووە، ڕێکخراوەکانی ژنانیش پارەیەکی زۆریان لەو بوارەدا خەرج کردووە، بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت».

## پێویستە ڕاگەیاندنەکان کاری زیاتر بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان بکەن

ئەڤیـــن ســـەلاحەدین وەك ڕاگەیاندنکار و چالاکوانێکـــی بواری مافی ئافرەتـــان، ڕای جیاوازی هەیە، ئەو بەپێویســـتی دەزانێت ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوەکانـــی ژنـــان زۆر زیاتر لەوەی هەیە کار بۆ دەســـتەبەرکردنی مافەکانی ژنان بکەن، چونکە «ڕێژەی ژنان لەڕووی دانیشـــتووانەوە زۆر لەپیاوان زیاترە، بەڵام چونکـــە کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی نەریتی و کەلتوورییە و دەسەڵات و کاریگەری پیاو زاڵترە بەسەر ئافرەتاندا لەهەموو ڕوویەکـــەوە، هەروەها بە هۆی هەمان پیاوســـالاری ئافرەت لە مافەکانی بێبەش دەکرێت، بۆیە پێویســـتە ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و تاکی ڕۆشـــنبیر بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەن ئافرەت بە مافەکانی شاد بکەنەوە».

**سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک:**

**ڕاگەیاندنەکان لەخستنەڕووی کێشەکانی ژناندا سەرکەوتوون بەڵام لەدۆزینەوەی چارەسەر سەرکەوتوو نەبوون**

**چالاکوانێک:**

**بەدەگمەن لەڕووماڵکردنی کارە مەیدانییەکان باڵانسی سایکۆلۆژی تاکی کۆمەڵگەدەبیندرێت**

**کۆمەڵناسێک:**

**ڕاگەیاندنەکان زۆرجار بەئەنقەست، یان لە نەزانینەوە روخساری ئافرەتی کورد ناشیرین دەکەن**



گوڵان – تارا محەممەد

# خانمێکی رزگاربووی نوگرە سەلمان دەستدرێژیی بەعس بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە

**کچێکیان کە لە تەحقیق هێنایەوە بەسەرپۆشەکەی خۆی خنکاند**

**ئیهانەیەکی زۆری پیاوەکانیشیان دەکرد**

**باوکێک کە بینی لەبەرچاوی دەستدرێژییان کردە سەر کچەکەی جەڵتە لێیداو مرد**

**ئەوان بەنووسراو ئاگادار کرابوونەوە کە کچی سەرووی تەمەن ١٢ ساڵی ئەتک بکەن**

**داپیرەم تەنیا یەک هەفتە بەرگەی ئەو ترس و برسێتیەی گرت و مرد**

سەدان ئافرەتی ڕزگاربووی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، تائێستاش بە ئازارەکانی خۆیانەوە دەتلێنەوەو باری دەروونییان جێگیر نەبووە، ئەوان چیرۆکی دەستدرێژییەکانی بەعسی ڕووخاو بەرامبەر بە ئافرەتانی گەنجی ناو گرتووخانەکان دەگێڕنەوە. یەکێك لەو ئافرەتانەش ڕاشکاوانە هەموو نهێنییەکانی خۆی بۆ گوڵان دەدرکێنێ.

تاوانەکانی رژێمی ڕووخاوی بەعسی عێراق بەرامبەر بەکوردان، هەموو سنوورەکانی بەزاند، لەسەرکوتکردنی تاك و ڕووخاندنی گوندەکان و ڕاگواستنی زۆرەملێ هەتا کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو کیمیاباران، لەهیچ تاوانێك درێخییان نەکرد، گەرچی ئەو برینانە هەرگیز سارێژ نابن، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی برینی قووڵتریشی هەڵگرتووە، ئەوەتا سەدان ئافرەتی ڕزگاربووی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، تا ئێستا بە ئازارەکانی خۆیانەوە دەتلێنەوە و چیرۆکی دەستدرێژییەکانی بەعسی ڕووخاو بەرامبەر بە ئافرەتانی گەنجی ناو گرتووخانەکان دەگێڕنەوە. شلێر یەکێکە لەو ئافرەتانە کە دوای ڕزگاربوونی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لە دەرەوەی وڵات لە ژێر چاودێریی پزیشکانی دەروونناسدا بووەو چارەسەری دەروونیی بۆ کراوە. ئەو ئێستا ئافرەتێکی تەمەن ٤٢ ساڵەو لەگەڵ ئەوەی کە بە ئیرادەیەکی پۆلایینەوە ژیانی خۆی ئاسایی کردۆتەوە، بەڵام ئاسەوارەکانی ئەو تراژیدیایەی لەبیر نەچووە، کە هەموو کەسوکاری ئەنفال کران و خۆیشی لە لایەن دڕندەکانی بەعسەوە چەندین جار ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بۆتەوە، هەر کاتێك بیری لێدەکاتەوە، یان ناچار دەبێت بۆ کەسێکی باس بکات، خوڕخوڕ فرمێسك بە سەر گۆنا سپی و ئاڵەکانیدا گلار دەبێتەوە.

شلێر و خانەوادەکەی وەك خێزانێکی گەرمیانی لە ١٩٨٨/٤/١٤ ئەنفالکران، ئەو تاوەکو ٩/٢٠ی هەمان ساڵ لە گرتووخانەی (نوگرە سەلمان) زیندانی بووە، وەك خۆی باسی کرد، ئەوکات تەمەنی ١٨ ساڵان بووە، لەبارەی ژیان و گوزەرانی ناو گرتووخانەکەش دەڵێت: لەو زیندانە گەورەترین توندوتیژی دەرهەق بە تێکڕای زیندانیان بە ئافرەت و پیاو و منداڵ و پیر کراوە، رۆژانە ئەشکەنجەدان هەبوو، ئاوی خواردنەوە نەبوو، دکتۆر و دەرمان وجوودی نەبوو، هەموو چارەسەرییەکانی ناو زیندان بە قوڕ دەکرا، ئافرەتێك منداڵی بوو بە لەتە شووشەیەك ناوکی منداڵەکەیان بۆ بڕی، منداڵەکەشی مرد، فەردەیەکی خۆڵیان بەتاڵ کرد و لە منداڵەکەیان پێچایەوە، رۆژانە دوو سێ منداڵ دەمردن، پیرەکانیش بە هەمان شێوە، من داپیرەم تەنیا یەك هەفتە بەرگەی ئەو ترس و برسێتییەی گرت و مرد».

شلێر زۆر هەوڵ دەدات خۆڕاگر بێت، زۆریش هەوڵی داوە لە ژێر ڕێنمایی پزیشکانی دەروونناسدا ئەو کارەسات و تراژیدیایەی ژیانی فەرامۆش بکات، بەڵام کاتێك باسی داپیرەی و کەسوکاری کرد کە یەك بە یەك لەبەرچاوی خۆیدا کوژراون، یان بەرگەی ئازاریان نەگرتووەو مردوون، ئیدی نەیتوانی پێش بە قوڵپەی گریانی بگرێت و فرمێسکە قەتیس ماوەکانی ناو چاوی بەرنەداتەوە، هاوکات بە دەنگە لەرزۆکە تێکەڵ بە گریانەکەی نەفرەتی «ئەو خوانەناس و دڕندە و ئاژەڵانە»ی کرد، کە هەموو توندوتیژییەکیان بەرامبەر بە زیندانیانیش بەکار هێناوە.

شلێر بەمجۆرە باسی ڕۆژانی پڕ لە نەهامەتی خۆی دەکات «مردووکان لە گۆڕەپانەکە لە ژێر هەندێك خۆڵ دەنران، نەیاندەهێشت گۆڕیان بۆ هەڵبکەنین، کە مەغریبیش دادەهات، سەگ دەهاتن و لاشەی مردووەکانیان دەردەهێنا و دەیانخوارد، ئەفسەرەکان شەڕی دەروونییان لەگەڵ بەندکراوەکان دەکرد، بۆ نموونە لە کاتی وەرگرتنی خواردن کە رۆژانە تەنیا دوو سەموون بوو، لەبەر چاوی دایك و باوکی دەستیان بۆ کچەکان دەبرد، دایك و باوکەکە ئەگەر بە جواب بهاتبان، ئەوا لەبەر چاوی ئەوان دەستدرێژییان دەکردە سەر کچەکەی، یان کچە خۆی تفی لە ئەفسەرەکە بکردبا دیسان وەك تۆڵەسەندنەوەیەك سووکایەتییان پێدەکردو دەستدرێژییان دەکردە سەری، یەکێك لەم باوکانە جەڵتە لێیدا و مرد کە کچەکەی بەمجۆرە بینی.

شلێر بەوە دڵخۆشە کە «هەر زاڵمێك، خوا زەواڵێکی بۆ دەنێرێت، بۆیە ملی سەدام و پەیکەرەکەشی بە حەبلەوە کران و گۆڕبەگوڕ بوون»، ئەو دوای تووڕەبوون و نەفرەت کردنی زۆری سەدام حوسێن و حکومەتی لەگۆڕنراوی بەعس جارێکی دیکە باسی نوگرە سەلمان دەکات و دەڵێت «ئەوە زیندان نەبوو، کوشتارگا بوو، کارەبایان لە لە ژنان دەدا، ئیهانەی زۆر خراپی پیاوەکانیان دەکرد لە نوگرە سەلمان ژنەکان وەکو پیاو ریشیان هاتبوو، چونکە دەرزی هۆرمۆنیان لێدابوون بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێت، ئێستاش زۆربەی ئەو کچانە منداڵیان نابێت و تووشی تێکچوونی هۆرمۆن بوونە، ژووری پیر و منداڵ بەیەکەوە بوو، کچە عازەبەکان ژووریان جودا بوو، من لە ژوورێك بووم شەش کچ بووین، شەوانە بە ناوی تەحقیق دەهاتن کچەکانیان دەبرد، یەکێك لەم کچانە دوای ئەوەی بردیان، کە هاتەوە شەو تا بەیانی گریا، بەیانی کە لە خەو هەستاین، بینیمان بە سەرپۆشەکەی خۆی خۆی خنکاندووە، تەعزیبەکانی ئەوێ هیچی لەسەر سیاسەت نەبوو، ئەوان بە نووسراو ئاگادار کرابوونەوە کە کچی سەرووی تەمەن ١٢ ساڵی ئەتك بکەن».

بێگومان نموونەی وەك شلێر کەم نین کە رژێمی بەعسی ڕووخاو بە هیچ هۆکارێك و تەنیا لەبەر کوردبوون بەو شێوە نامرۆڤانەیە مامەڵەی لەگەڵ کردون، بۆیە بە پێویست دەزانرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی ئاوڕ لەو ئافرەتانە بداتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بتوانن بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان بیانگەڕێننەوە و برینە قووڵەکانیان سارێژ بکەن.

# خۆشەویستییەک بە کوشتن کۆتایی هات



ئافرەتێکـــی گەنم رەنگ کە تەنیـــا ٢٥ بەهاری بینیوە، بـــە منداڵی لە پیاوێکی بەســـاڵاچوو مارەدەکرێت، دوای چەنـــد مانگێك بەهـــۆی کۆمەڵێ هـــۆکار ناتوانێت ئەو «دۆزەخـــە» قبووڵ بکات، بۆیە بـــە یەکجاری بۆ ماڵی باوکـــی دەگەڕێتـــەوە، دوای ســـاڵانێك دەکەوێتە داوی عەشـــقی کوڕێکی گەڕەکەکەیان کە هەڵیدەخەڵەتێنێت و پێکەوە هەڵدێن، بەڵام کوڕەکە دوای چەند ڕۆژێك بەجێی دەهێڵێـــت، ئەویش ناچار پەنا بۆ ماڵـــی باوکی دەباتەوە، باوکیشـــی لە ناو حەمامی ماڵەکـــدا کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤ و لەدروستبوونی مرۆڤیشەوە تا ئێستا خۆشەویستی لە نێوان هەردوو ڕەگەز بوونی هەبووە و بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، زۆر جاریش باســـی ئەوە دەکرێ کە خۆشەویستی لە ڕابردوودا خاوێنتر بووە لە ئێســـتا، لەهەزارەی سێیەمیشدا زۆرجار پەیوەندیی خۆشەویستی وەك ئامرازێك خراوەتە خزمەت بەرژەوەندیی تاکەکەســـی حەز و ئارەزووە سەرکێشـــەکانی دامرکانـــدووە، بۆیە دەگوترێ خۆشەویســـتی چەشـــنی جەســـتەیەکی بێ گیان لەســـەر لێوارەکانی هەوەس بێناز کەوتووە، زۆرجاریش نەفرەت لە خۆشەویستی و هەڵگرانی پەیامەکەی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا خۆشەویستییە پاك و بێگەردەکانیش بەردەوامن و ڕێگەخۆشـــکەری گرێدانی ژیانی هاوسەرین، کەچی زۆر جار ئافرەت دەبێتە قوربانی و بەکەمترین پەیوەندیی خۆشەویســـتی کۆتایی بە ژیانی دەهێنن.

شیرین ئافرەتێکی گەنم ڕەنگی تەمەن ٢٥ بەهار بوو،بەبێ بوونـــی هیچ ئەزموونێك ژیان و ئایندەی بە عەشـــقێکی دۆڕاو سپارد، ئەو لە تەمەنێکی زوودا بەزۆر لە پیاوێکی پیر مارەبڕابوو، بەڵام بەهـــۆی کۆمەڵێ هۆکار نەیتوانی لەگـــەڵ ئەو پیاوەپیرە درێژە بە ژیانـــی ژن و مێردایەتی بدات و دوای چەند مانگێـــك دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، شیرین دوای تێپەڕبوونی ساڵانێك دەکەوێتە داوی عەشقی کوڕێکی گەڕەکەکەیان بە ناوی (سیروان) کە تەمەنی ٣١ ساڵە، بەڵام سیروان ئامادەنابێت خوازبێنی بکات و شیرین هەڵدەخەڵەتێنێت تاوەکو لەگەڵیدا بڕوات، دوای ڕۆیشتنیان و دوای تێپـــەڕ بوونی ماوەیەك کوڕەکە خۆی لە شـــیرین ون دەکات، شـــیرینیش بە ناچاری دوای شکستهێنانی لە پەیوەندییەدا پەنا بـــۆ ماڵی باوکی دەباتەوە، بەڵام باوکی بـــێ بەزەییانـــە ئاگر لە خەرمانی عومـــری بەردەدات و دەیکوژێت.

نیوەڕۆیەك زەنگی تەلەفۆنی بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکەیان لێدەدات، کاتێك ئەفســـەری بنکەکە وەڵام دەداتەوە، باوکی شیرین پێیان دەڵێت « لەبەر ئەوەی کچەکەم بەدڕەوشت بوو، هەرئێستا لە ناو حەمامی ماڵەکەی خۆمان کوشتم»

وەك پۆلیس ئاماژەی پێـــدا، ئەوان دوای ئەو تەلەفۆنەکە دەگەنە شـــوێنی ڕووداوەکە، بەڵام ماڵی باوکی شیرین و هەموو خێزانەکـــەی هەڵهاتبوون و تەرمەکەش هەر لە ناو حەمامەکەدا کەوتبوو، تاوەکو ئێستاش بکوژەکە دەستگیر نەکراوە.

وێڕای گرتنەبەری ڕێکاری تۆکمە و جددی بۆ بنبڕکردنی دیاردەی کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف، بەڵام لێرەولەوێ ئەو تاوانە دووبارە و سێبارە دەبێتەوە، بکوژانیش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و خۆیان بزر دەکەن بۆیە چالاکوانانی بواری مافی ئافرەت داوا لە پەرلەمان و حکومەت دەکەن فشـــاری زیاتر بخەنە ســـەر دادگا بۆ ئەوەی بە جددی یاسای توندوتیژیی خێزانی بکەوێتە واری جێبەجێکردن و سزای هەموو بکوژێك بە توندی بدرێت

**تێبینی: نـــاوەکان خـــوازراون، بەڵام ئەمـــە ڕووداوێکی ڕاســـتەقینەبوو کـــە زانیارییەکانـــی لەبەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی تاوان وەرگیراوە.**

# پیاوێک نهێنی کوشتنەکەی لەگەڵ خۆی دەباتە ژێرخاک

**هاوسەری کوژراوەکە:**

**ئەگەر ئەو کچەی خۆشی دەویست بدۆزرێتەوە شتەکان ئاشکرا دەبن**

**کوڕی کوژراوەکە:**

**ڕەنگە باوکم بۆ پارەکەی کوژرابێت، چونکە پارەکەشی براوە**

ئافرەتێك بە خەمبارییەکی زۆرەوە باسی کوژرانی هاوسەرەکەی بۆ پۆلیس دەکات، ئەو نهێنییەکانی کوشتنی هاوسەرەکەی نازانێت، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا هەبووە، هەر ئەوەش بە هۆکاری کوشتنی مێردەکەی دەزانێت.

ماوەیەك پێش ئێستاو لەڕۆژی یەکەمی جەژندا تەرمێك لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا دۆزرایەوە، لە پشکنینی تاوانکاری بۆ شوێنەکە دەرکەوت کە پیاوێکی تەمەن ٤٤ ساڵ لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا بەچەقۆ لەسەری دراوە و کوشتوویانەو دواتر تەرمەکەیان لەناوفەردەیەکی ڕەش کردووە و خستوویانەتە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەی و پاشان ئاگریان داوە و هەڵهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە پەلە تاوانەکەیان ئەنجام داوە، چاوڕوانی سووتانی ئۆتۆمبیلەکە ناکەن و یەکسەر لە شوێنی تاوانەکە دوور دەکەونەوە، ئۆتۆمبیلەکەش ناسووتێت و ئاگرەکەی دەکووژێتەوە. بەپێی ئاسەواری ڕووداوەکە لەوانەیە بکوژانی تاوانبار دوو یان چەند کەس بن، تا ئێستا لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس بەردەوامەو بکوژانیش دەستگیر نەکراون.

ئەسمەر ناوی خوازراوی ئەو ئافرەتەیە کە هاوسەرەکەی کوژراوە، ئەو دوو ساڵ بە تەمەن لە هاوسەرەکەی بچووکترە و وەك خۆی باسیدەکات بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەری پێکەوەناوەو ماوەی ١٤ ساڵە لەگەڵ شەهابی خۆشەویستی هاوسەرگیری کردووە. ئەسمەر بەمجۆرە باسی ژیانی هاوسەری خۆی دەکات، «بەدرێژایی ئەو چواردە ساڵە من و شەهاب پێکەوە کارمان دەکرد، ئەو کەسێکی کاسب بوو، ئیشی دەکرد و وەزعی ماددیشمان باش بوو، هەمیشە خانووی خۆمان هەبووە، باوکی شەهابیش زۆر هاوکاری دەکردین، ماڵی باوکیشم دەوڵەمەند بوون، وەزعمان زۆر خۆش بوو، هەموو ڕۆژانێك من و منداڵەکانی پێکەوە دەبردە دەرەوە، بەڵام ماوەی زیاتر لە ساڵێکە شەهاب هەڵسوکەوتی گۆڕدرابوو، وەك جاران نەمابوو، ئێواران درەنگ دەهاتەوە، هەر خەریکی چوونە دەرەوە بوو، کە لێم دەپرسییەوە لەکوێ بووی، لێم تووڕە دەبوو، قسەی پێدەگوتم، شەڕی دەکرد، هەتا ڕۆژێکیان نووستبووین، شەهاب لەخەو هەستا و ڕۆیشتە حەوشە، گوێم لێ بوو لەگەڵ کچێکدا بە موبایلەکەی قسەی دەکرد، دڵنیا بووم کە بەرامبەرەکەی کچە، چونکە بە کچەی دەگوت: دێمە خوازبێنیت، خەمت نەبێت، بەڵام نەمزانی کچەکە کێیە، دواتر هەر چاودێریم کرد، تاوایلێهات لەکاتی نانخواردنیش دەچوو تەلەفونی دەکرد، دوای ماوەیەك شەهاب گوتی: دەمەوێت ژن بێنم، منیش بەوە زۆر تووڕە بووم، شەڕمان بوو، منیش چوومەوە ماڵی باوکم، ئیتر ئاگام لێیان نەما، هەتا ئەو ڕۆژەی گوتیان شەهاب کوژراوە، ئیتر نازانم کێ کوشتوویەتی، ئەگەر ئەو کچە بدۆزرێتەوە، شتەکان ئاشکرا دەبن، چونکە من پێموایە دەستی ئەوی تێدایە» .

کاوە کوڕی کوژراوەکەیەو تەمەنی ١٣ ساڵانە، ئەویش بەمجۆرە باسی باوکی خۆی دەکات «من وەك دایکم هەستم بەوە دەکرد کە باوکم هیچ ئاگای لە ماڵ و منداڵ نەماوە، هەر لەخۆیەوە تووڕە دەبوو، هەتا زانیمان کە دەیەوێت ژن بهێنێت، بەڵام نەمانزانی کێ دەیەوێت شووی پێبکات، بەڵام ئەو کچێکی گەنج بوو، چونکە چەند جارێك گوێم لێی بوو کەقسەی بۆ باوکم دەکرد و دەیگوت لەقوتابخانە دێمەوە، بەڵام من نازانم کێ باوکمی کوشتووە، ڕەنگە باوکم بۆ پارەکەی کوژرابێت، چونکە پارەکەشی براوە، بەڵام من ئەوەندە ئاگام لێی بوو کە ئەو شەوەی کوشتیان، باوکم هەر لەئێوارەوە تێکچووبوو، هەردەهات و دەچوو، وەك چاوەڕاوانی شتێك بکات، لەپڕێکدا تەلەفۆنێکی بۆهات، وابزانم نزیك سەعات یانزەی شەوبوو، باوکم گوتی: من دەڕۆم دەعوەتم لەماڵێك، ئەگەر درەنگ کەوتم نیگەران مەبن. بەڵام ئەو ڕۆیشتنە ڕۆیشت ئیتر نەگەڕاوە تا هەواڵی کوشتنەکەیمان بیست».







# کرێنشینەکانی هەرێمی کوردستان

**گەرچی هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا لەڕووی وەبەرهێنان و درووستکردنی کۆمەڵگەی جۆراوجۆری نوێ و دابینکردنی پێشینەی خانووبەرە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون کاری بەرچاوی کردووە،**

**تا ئێستا پارەی دوو خانوو زیاترم بە کرێی خانوو داوە**

«زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە بواری ڕاگەیاندن و کاری ئەدەبی کار دەکەم، تا ئێستاش کرێچیم، بەردەوام میوانداررم و ناتوانم لە ژوورێکدا بژیم، مووچەی مانگانەی خۆم و خێزانەکەشم بەزۆر بەشی کرێی خانوو و خەرجی ڕۆژانە دەکات، بۆیە بە هیچ شێوەیەك هیوام بەوە نەماوە کە ڕۆژێك لەڕۆژان ببمە خاوەن خانوو». ئەوە دەستپێکی قسەکانی موحسین کەمال بوو. ئەو وەك میدیاکارێك بە نیگەرانییەوە باسی داهاتووی خۆی و خێزانەکەی دەکات و دەڵێت«تا ئێستا پارەی دوو خانوو زیاترم بە کرێی خانوو داوە»، نموونەشی بەوە هێناوە کە خۆی هەموو مانگێك ٥٠٠ هەزار دینار کرێی خانوو دەدات و ئەگەر ئەو بڕە پارەیە، بۆ قیستی ئەو خانووە بێت کە حکومەت بۆی دابین دەکات، لانیکەم پاش چەندین ساڵ دەبێتە خاوەن خانوو، وتیشی: هەر لە وەرگرتنی خانووەکەشەوە لە کرێچییەتی ڕزگارم دەبێت، جیا لەوە بە پەنجا ساڵی دیکەش کرێی خانوو بدەم، نابم بە خاوەنی خانووی خۆ».

**چەندین شوقە بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بە پارەیەکی ڕەمزی دراوە**

دانا مەحموود مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییەو ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کرێنشینەی کە ئاریشەی تایبەت بۆ خۆیان هەیە، ئەو پێشنیار دەکات «حکومەت خۆی خانووی هەرزان درووست بکات و بە جۆرێك بە کرێچییەکانی بدات کە ئەو کرێخانووەی ئێستا بە خاوەن خانووی دەدەن، بیدەن بە حکومەت، نەك حکومەت بیکاتە پڕۆژەو بیداتە کۆمەڵێك کۆمپانیای مافیا، کە دەستیان بەسەر پڕۆژەکاندا گرتووەو کەس توانای کڕینی یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی نەبێت». ئەو مامۆستایە گوتیشی«ڕاستە هەندێك کاری جوانیش کراوەو چەندین شوقە بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بە پارەیەکی ڕەمزی دراوە، سەدان خێزان شوقەیان پێدراوە بە بڕی ٣٠ یان ٥٠ وەرەقە و مانگانەش تەنیا ٥٠ دۆلار قیست دەدەن، کاری لەو جۆرەش کراوە، بەڵام زۆر کەمە و بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کرێچییان بەرچاو ناکەوێت».

**کێشەی کرێچییەکان لەوڵاتانی دیکە چۆن چارەسەر کراوە؟**

ئامینە مەحموود، پارێزەرەو چەندین ساڵ لەدەرەوەی وڵات ژیاوەو ماوەیەکە بە یەکجاری بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە. ئەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا کێشەی کرێچییەکان بەوردی چارەسەر کراوە، ئاسانکاری زۆریان بۆ دەکرێت و داهات و خەرجیان و کرێی خانوویان لەبەرچاو دەگیرێ». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا وێڕای درووستکردنی ئەو هەموو کۆمەڵگە نوێیەو درووستکردنی هەزاران شوقە و یەکەی نیشتەجێبوون و پێدانی پێشینەی خانووبەرە بە هاووڵاتیان، بۆچی ژمارەی کرێچییەکان لە هەرێمی کوردستان کەم نابێتەوە؟ ئامینە وتی: بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان باڵاخانەو خانووەکان بەجۆرێك دروست کراون کە زیاتر چینی دەوڵەمەند دەتوانن ببن بە کڕیاری، خەڵکی کەمداهات و کرێچی توانای کڕینیان نییە، ئەوانەشی کە بەقیست لە کڕینی خانوو، یان شوقەیەك لەو کۆمەڵگەیانە بەشدار دەبن، کە تازە دەست بەکار دەکەن، هەر لە دەستپێکی نووسینی عەقدەکەیان تا تەواوبوونی خانوو یان شوقەکەیان، دەبێت قیستی مانگانە بدەن، هاوکات کرێچین و مانگانەش کرێی خانوویان لەسەرە، کەواتە دوو کرێ خانوو دەدەن، ئایا چینی مامناوەندو کەمدەرامەت دەتوانێت دوو کرێی خانوو پێکەوە بدات؟ بێگومان نەخێر، بۆیە دەبێت حکومەت ڕێگەی ژیرانەی بۆ بدۆزێتەوە و لانیکەم ئەو بارە قورسە لەسەر شانی کرێچی سووك بکات».

**لەسنووری پارێزگای هەولێر زیاتر لە دەیان هەزار خێزانی کرێچی هەن**

کۆمەڵناس ئالان لەشکری لەبارەی کێشەی یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خانوو وەك

کرێنشینێک:

**بەهیچ شێوەیەک هیوام بەوە نەماوە ڕۆژێک لەڕۆژان ببمە خاوەن خانوو**

پارێزگاری هەولێر:

**لەسەرووی ١١٠ هەزار پارچە زەوی لەسنووری پارێزگای هەولێر دابەشکراوە**





# ـــــان لەئایندەی خۆیان نیگەرانن

**بـــەڵام ئامـــارەکان هێما بۆ ئەوە دەکـــەن کە پتر لە ٢٠٠ هـــەزار کرێچی لەهەرێمی کوردســـتاندا دەژین، زۆربەی ئەو کرێنشـــینانەش لە ئاینـــدەی خۆیان نیگەرانن و جەخت لەوە دەکەنـــەوە کە توانای دابینکردنی یەکەی نیشـــتەجێبوونیان نییە.**

سەرپەنای خێزان و تاکی هاووڵاتی، یەکێك لەپێداویستییە سەرەکییەکانی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگەیە، بۆیە هەموو حکومەتەکانی دنیا بە ئاستی جیاواز بایەخی تەواو بە دروستکردن و دابینکردنی ئەو سەرپەنایە دەدەن، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دەڵێت «لەدوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق و سەقامگیربوونی زیاتری باری ئەمنی لە هەرێمی کوردستان، هەموو کابینەکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان هەوڵی زۆریان داوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکەن، بەڵام تا ئێستا بە رێژەیەکی کەم سەرکەوتووبوون». سەبارەت بە هۆکاری ئەو بۆچوونەشی وتی: درووستکردنی چەند خانوویەك بۆ خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان، یان چەند شوقەیەك بۆ خەڵکی کەمدەرامەت کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر ناکات، نزیکەی نیوملیۆن شەهیدو ئەنفالکراومان هەیە، لەملیۆنێکیش زیاتر خێزانی کەمدەرامەتمان هەیە، تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر زیاتر لە ٥٠ هەزار خێزانی کرێچی هەن، بۆیە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو هەموو خەڵکە بێدەرەتانە، کاری بەپەلە و بەرنامەی ستراتیژی وردی پێویستە». ئالان لەشکری رەخنەشی لەحکومەت و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە گرت و گوتی «نە حکومەت و نە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە، رەچاوی توانای ماددی خەڵکی هەژاریان نەکردووە».

**بۆ چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون پێویستە هەوڵی جددیتر بدرێت**

کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینانی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، لەئێستادا ئەو کۆمەڵەیە پێنج لق و دوو نوێنەرایەتی هەیە، هەموو کرێچییەکیش دەتوانێت ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیەو بۆ هەر هاووڵاتییەکیش لەماوەی دوو ساڵدا، بڕی پێنج هەزار دیناریان لێ وەردەگیرێت. بەپێی ئاماری تۆمارکراویان، تائێستا لەسەر ئاستی کوردستان(٥٠) هەزار کەس لەکۆمەڵەی کرێنشینان ناویان تۆمار کردووەو تەنیا لەپارێزگای هەولێر (١٥٠٤٢) کەس ناوی خۆیان تۆمارکردوە.

سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان، مەحموود ئیسماعیل مەحموود، ژیانی خێزانی کرێچی بە «ململانێ لەگەڵ نەخۆشی درێژخایەن» دەچوێنێت و دەڵێت گەرچی زۆرمان هەوڵداوە داکۆکی لە مافی کرێنشینەکان بکەین، بەڵام تا ئێستا بە رێژەیەکی کەم کێشەیان چارەسەر بووە».

پارێزگاری هەولێر ئاشکرای دەکات کە لەسەرووی ١١٠ هەزار پارچە زەوی لەو پارێزگایە دابەشکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لەکرێنشینان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێم لەدابەشکردنی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون، هیچ راوێژێکی پێ نەکردون، «کاتێك شوقە، یان زەوییان دابەشکردووە، ئێمە لەدەرگای ئەوانمان داوەو حکومەت رای ئێمەی وەرنەگرتووە». گوتیشی : لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٥٠ هەزار هاووڵاتی کرێنشینن، بۆیە بە دروستکردنی چەند خانوو یان شوقە کێشەیان چارەسەر نابێت و پێویستە حکومەت هەوڵی جددیتری بۆ بدات».

بەپێی یاسایەك بڕیاردرا یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتی کەمدەرامەت دروست بکرێت. لەساڵی ٢٠١١ بڕی ٤٩ ملیاردینار بۆ شوقە تەرخانکرا، هەروەها لە ٢٠١٢ حکومەت بڕەکەی بۆ ٢٠٠ ملیار دینار زیاد کرد. شاری هەولێریش ١٥٠٠ تا ١٧٠٠ شوقەی بەردەکەوێت،

سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی خانەنشینان، وەك باسیکرد خۆیشی کرێچییەو گوتی: لە ستافی ئێمە یەك کەس لەزەوی و خانووی نیشتەجێبوون سوودمەند نەبووە، خۆیشم کرێچیم و ئەگەر کرێچی نەبم ناتوانم باس لەماف و داواکارییەکانی خەڵکی کرێچی بکەم.

سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان:

**حکومەتی هەرێم لەدابەشکردنی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون هیچ راوێژێکی پێ نەکردووین**

رۆژنامەنووسێک:

**کۆمەڵێک کۆمپانیا دەستیان بەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا گرتووە**